# ئەمساڵ لەیادی ئەنفال دا,کێ دەستی گەرمیانیەکان دەشکێنێ؟؟؟

**شیلان سابیر زەنگەنە**

**کفری**

**هیچ مەبەستم نیە کۆمەڵێك شتی لابەلا تێکەڵ بەجینۆسایدی ئەنفال بکەم, بەلاّم من قەناعەتم وایە وەکو نەوەیەکی پاشماوەی ئەنفال ئیدی کاتی ئەوە هاتووە تەنها هەر بە یادکردنەوە ئەم یادە تێپەڕینین, یاخۆد هەموو ساڵێك ئێمە گوێ شل بکەین بۆ ووتار خۆێندنەوەی کەسایەتیە گەندەلەکانی یەکێتی لەم موناسەبەتەدا, پێموایە ئیدی پێویست دەکات وەخەبەر بێین, ئێمەی نەوەی ئەنفال و بگەڕێن بەدوای ئەسڵی مەسەلەکە, ئەوەش لەوەدا دەبێت سەیری دەسەلاّتەکەی خۆمان بکەین و بیپشکنین تا بزانین ئەو غەریزانەی تیادایە کە بڕوای هەیە خەڵك و میلەت ئەنفال بکرێ, کاتێ ئەوەمان کرد بۆمان ڕووندەبێتەوە ئەم دەسەلاّتە ئێمە فریوو دەدات, فێڵمان لێ دەکات, تەنها بۆ باق و بریق و مەبەستی سیاسی خۆی باسی ئەنفال دەکات ئەگینا باکی نیە, نۆزدە ساڵە بەئێمەی باوك ئەنفالْ دروشمی دادگای کردنی تاوانبارەکان دەفرۆشێتەوە ئەمەندە گوێمان بۆ شل کرد کاس بووین, کەچی ئەو شاهیدانەی دەچن, سکالاّ تۆمار دەکەن لەدژی تاوانباران, لە ئیفادەی پێشوویاندا باسی تاوانبار و ئەنفالچیە موستەشارەکانیان کردووە, کەچی نوێنەری حیزبە دەسەلاّتدارەکانی ینك و پدك بەوان ڕادەگەیەنن بەهیچ شێوەیەك باسی موستەشارە کوردەکان نەکەن, ئەوە حاڵی جوانی سیاسەتی دەسەلاّتی کوردیە بەرامبەر بەم کارەساتە تا وەکو ئیستا و هەزارساڵ تریش پە نجا نەوەی تری ئەم مەسولانە لە قوربانیەکانی مێژووی ئەنفال دەخۆن, ئەگەر ئێوە ئەنفالتان نەکردایەتە بیانوو کێ بوو گوێ لەبەرنامەی ئێوە بگرێ, بۆ ڕۆژئاوایان نازانن ئێوە بای چەنێکن, و هیچ کاتێ ناتوانن تێبگەن لە حیزبایەتی کردن, نەگبەتیەکەی کورد ئەوەیە تا ئیستا نەیتوانیوە نوێنەرێکی ڕاستەقینەی خۆی هەبێت دیفاع لە ئەنفال بکات, قەدەری داوەتە دەستی حیزبی قەدەر و سەرمایەدارەوە, تا ئیستاش ئێمەی کەس و کاری ئەنفال ئەو سیاسەتەمان پێدەفرۆشنەوە هەر مەسولێ ووتەیەکی ووت لەسەر ئەنفال ئیدی دەبێ ئێمە مەنوونی بیین,و هەتا ماوین بلێن ئیدی غەممان چیە ئێمەی منداڵی پاشماوەی ئەنفال ئەوەتا مەسولەکان بەرگریمان لێدەکەن, کەچی ئەمە چەندین ساڵە ئێمە بئیاگایان لەوەی ئەگەر مەسولئێك هەتا دەستکەوتی کۆمپانیایەکی نەبێت ئامادە نیە قسەیەك بلێ, ئەو مرۆڤ دۆستانەی کە دێێن و ئۆردوگای سمود دەبینن, هەرگیز باوەڕ ناکەن ئەمە دەڤەری ئەنفالستان بێت, ئەمە پاشماوەی قوربانیانی ئەنفال بێت, خۆ ئەگەر کارێکیش بکەن کە ئەرکی سەرەکی ڕۆژانەی حکومەتە ئەوا بەهەزار بۆڵە و منەت و بەسەدەقە دەیزانن, سەرۆکی شارەوانییەکیان بۆ داناوە کەسێك پێنج دەقیقە ببینێ دەزانی نەوەکو مەسول نیە, تەنها بازرگانێکی ڕووتە, و ئیرادەی چارەسەرکردنی کێشەی پاشماوەکانی ئەنفالی نیە, ئەو تەنها بۆ خۆی دەپارێتەوە, و ئێستاش دەوڵەمەندترین, کەسە لەگەرمیاندا, ئەو موعانات و شەهادەو ماندۆێتی نەیکردە سەرۆکی شارەوانی دەڤەری ئەنفال, ئەو کوڕی ڕەیس عەشیرەت بوو ڕەیس عەشیرەت؟؟؟ هەرچی کۆمێتەیەکی حیزبیشی تیادایە و هیچی تر نیە جگە لە نمایندەی بەرنامەی تەسکی حیزبەکەی نەبێ, لەوەش کارەساتتر هەر نازانن چۆن ڕێز لە کەس وکاری ئەنفال بگرن, پار هاولاّتیەکی خێزان ئەنفال چووبوو داوای پشتگیری لە کۆمیتەی دەڤەری ئەنفال کردبوو بۆ مافی مرۆڤ, نوسیبوویان" ناوبراومان لە کۆڵبکەنەوە" ئەمە چی جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ قسەکەی سەرۆقادردا ئەوە حاڵی بەرپرسەکانی ئەم ولاّتەیە کە داوای حەقی خۆتیان لیبکەی یا پێتدەڵێن سەگ, یا دەڵێن لە کۆڵمانی بکەرەوە, ئەمە نیشانەی نادامەزراوەی و بلاّونەبوونەوەی فەرهەنگی یاساو عورفی یاسایە, ئەگینا خەڵکی دەڤەری ئەنفال تا ئیستاش نا پرسن ئێوە لە سەرچی پێوەرێك دەبنە بەرپرسی ئێمە, پارساڵ ژمارەیەك لە گە نجەکانی ڕزگاری بەرنامەی خۆپیشاندانێکان داڕیژا وەهاشیان دانا ئەو پەیکەرە پڕ مەهزەلەیە کە من وەکو کچە باوك ئەنفالێك هیچ کات بە سیمبۆلی ئەنفالی نازانم تەنها دانراوە بۆ گاڵتەکردن بە هاولاّتیانی دەڤەری ئەنفال ئەگینا ئەگەر خەڵك خەڵتاندن نیە توو ویژدانتان کارەساتی ئەنفال, دەیان مینۆمێنتی گەورە و**

دەیان کاری هونەری لەسەر ئاستی جیهان ناتوانێ ئەو نەهامامتیە پیشان بدات, ئەمە بچوك كردنەوەی ئەو كارەساتە نەبێ چیە؟ زۆر لەگەڵ ئەوانەش دام كە دەیڕوخێنن, دواجار بەرپرسێكی یەكێتی كە خۆی بە هاوڕێ و هاوكاری كێشەی گەرمیان دادەنێت, كەچی بەداخەوە گووتی ئەوەی دەستی بۆ بباتەدەسستی دەشكێنین, من ڕەخنەم لەو بەرپرسە هەیە, كە بەوشێوەیە وەڵامی نەهامەتیەكانی كەس و كار وقوربانیانی ئەنفالی دایەوە, لەجیاتی دڵیان بداتەوە و پرۆژەكانیان بباتە لای حكومەت كە چی دەستمان دەشكێنێ, وەكو ئەوەی وابێ شەڕی ناوخۆیە و كەس و كاری ئەنفال جەبهەیەك بن, دڵنیابن تەنها جەبهەی خۆ دەوڵەمەنكردنی بەرپرسەكانە ,نەهامەتی زۆرە لەم دەڤەرەدا كە وادەكات ئێمەی پاشماوەی ئەنفال بیرنەكەینەوە كە بەعس جێبەجێكەری جینۆسایدی ئەنفال بوو, ئەی ئەوەتا هەمان كردار وبەرنامە هەیە, هەمان دیدو دونیابینی حیزبی هەیە, زیادەڕەوی نیە بڵیم هەمان كاراكتەری بەعس هەیە, بەڵام بەكوردی دەدوێن, زۆریش هەن ڕاستەوخۆ دەستیان لەجینۆسایدی ئەنفال دا هەبوو كەچی ئیستا یان بەنزینخانەی دراوە پیێ یان هەشت مەعاش و دەرزەنێ حیمایەی هەیە, یان مەسول مەڵبەند و ئەگەریش غەدریان لێكردبێ ئەوا كراوەتە كارگێڕ مەڵبەند , ئەگەر تەنها بێتە شارەكەی ئێمە و مەڵبەندەكەی ینك لەم شارەدا بەڵگەی زۆری بۆچوونەكانی سەرەوەت دەستدەكەوێت و ڕەنگە پێویست نەكات بگەڕێ بۆ شوێن و مەهزەلەی دیكە,مەبەستی منیش لەم چەند دێڕە بچڕە ئەوە بوو, كە بزانین ئێمە نەوەی ئەنفالین و بیربكەینەوە لەداهاتوودا سەوداو مامەڵەی حیزبەكانی دەسەڵات بەسەر پرسی ئەنفالەوە دەربێهێننین و خۆمان ئەرشیفی بكەین, خۆمان بەرگری لێبكەین, ئەمڕۆ ئیدی پێویست ناكات نوسەرێكی حیزب بێ و كتێبیەكی لەسەر ئەنفال نووسی و لەگەڵ ڕێزم بۆ ماندووبوونیان ئەگەرچی قەڵەمی حیزبش بن, ئیدی حیزب بیكاتە هەلا بەسەرمانەوە و كاكی نوسەریش بیفڕێنن ئەمەندە كورسیەكەی بەرزبكەنەوە, لێرەوە با بەهۆش بێین ئەی نەوەی پاشماوەكانی ئەنفال.